# خۆشم ئەوێیت

یاسین بانیخێلانی

ک ەژاڵ لە هەموو کەس درەنگتر هات، نازانم بۆ؟ کاتێك بەجوانی سەیرم کرد، قۆڵی هەڵکردبوو تا مەچەکی بە هەویرەوە بوو، دیاربوو لەسەر نانکردن هەڵاتبوو!.

دەمویست بە بۆنەی هەویرەکەی دەستییەوە قسەیەکی لەگەڵدا بکەم، بەڵام هەرچەندم کرد نەموێرا! جارێکی تر غیرەتم دایەوە بەر خۆم، بەهەمان شێوەی پێشوو نەمتوانی وشەیەك چییە لە زارم بێتە دەر. دڵشاد درۆ ناکات دەڵێت: تۆ ترسنۆکیت!.

تێناگەم ئەمڕۆ هەموو بە کەیفن و لەگەڵ یەکتردا خەریکی گاڵتەو توانجبازین، بەتەنها من و ئەو نەبێت، دەڵێی بیر لەیەك شت دەکەینەوەیا بەدوای یەك شتدا دەگەڕێین!

جا کێ دەڵێ: وا نییە؟.

بێزارو پەست دەبووم کاتێك باوکم یا دایکم بۆ کارێك دەیانناردمە ئەم ژێرزەمینە، کەچی ئەمڕۆ پێچەوانەیە!.

تۆپبارن و خزانەژێر زەمین بەردەوام بوو، عەشقی کچانیش وایلێکردبووین هەمیشە دەست بەدوعا بین، کە شار تۆپباران بکرێت. تۆپبارن تا دەهات خەستتر دەبوو، ژێرزەمینیش جمەی دەهات. بۆنی دوکەڵی جگەرەو ئارەقەی لەش مرۆڤی بێزارو کاس دەکرد، بەڵام ئەو بۆنانە لای من بووبوون بە بۆنی قژی کەژاڵ، لەبەر ئەوەی هەرچی هەستم بوو دابووم بە ئەوو دڵ و چاوم هەر لەسەری بوو، وام هەستدەکرد ئێستا نا کەمێکی تر لەبەر چاوم وندەبێت. ئەوڕۆ ئەوەندە لەناو خۆمدا خۆم خواردەوە تا گەشتە تینم بە دڵشادی هاوڕێم گوت: وەختە شێت بم بۆ کەژاڵ، ئەو کافرە تا ئێستا بەرامبەرم بزەیەك نەیگرتووە، دەمەوێت لەم مەسەلەدا یارمەتیم بدەیت، تۆ بۆ خۆت دەزانیت ساڵێکە شەوو ڕۆژ بە ئاهیەوە تل دەخۆم!.

= کەژاڵ جوانەو هەرچی کوڕە وەختە بۆی شێت بن، ئەویش کەمێك لەخۆی ڕازیە، پێم باشە هەر لەسەر خۆ لەگەڵیدا خەریك بیت، پێم باشە بە هێمنی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، کارێکی وا نەکەیت بە یەکجاری تەرکی ئێرە بکات.

- چی پەلە نەکەم، عەشقی ئاگری تێبەرداوم؟

زرمەی تۆپێك ژێرزەمینەکەی هەژاند، کەژاڵیش لەو کاتەدا شڵەژاو چاوەکانی شێوە ترسێکیان پێوە دیاربوو. منیش دەستم بە دوعا کرد ئەمجارە تۆپێك نزیکتر بتەقێتەوە، بەڵکو ترس هەڵیفڕێنێتە باوەشم هەتا پێی بڵێم و دڵنیای بکەم، لەباوەشی مندای نابێت بترسی، دەبم بە قەڵغانت. زرمەی تۆپێکی دوور تر شریتی خەونەکەی پێ بریم، بەڵام بۆ یەك چرکە چاوم لەسەر کلا نەدەکرد.

ژنی مام تۆفیقی دراوسێمان بە توانجەوە گوتی: ئەوە بۆ وا ئەبڵەق بوویت؟.

بەپەشۆکاویەوە گوتم: چۆن ئەبڵەق نابم، ئەوە ژیانە ئەو خەڵکەی تێدایە!.

— دەی خۆ ناخۆشیش نییە (بە توانجەوە)

ئیتر خۆم لە قسەی ئەم ژنە نەعلەتییە نەگەیاند، کەمێك کشامە دواوەو لە پشت ژنێکەوە تیلەی چاوم خستە سەری، هەرچەندە لاچاوێکی دیاربوو، لەگەڵ ئەوەشدا وام دەزانی هەموو جیهان لەناو ئەو چاوەدایەو منیش تەماشای دەکەم.

ئاخ کەژاڵ! خۆزگە دەمزانی ئاگات لەم دڵە وێرانەی من هەیە، یا ئەوەی بەخەیاڵتدا نەیەت منە؟ نا، دەزانم ئاگاداری سوتاوی منیت و خۆت گێل دەکەیت و دەتەوێت ئەوەندی تر شێت و شەیدام بکەیت ولە دڵیشەوە گاڵتەم پێبکەیت. ئاخر کەژاڵ بۆ وام لێدەکەیت! هەر هیچ نەبێت یەکجار بە تیلەیەك، بە نیگایەك سەیرێکم بکە. تۆ چۆن نازانیت من چەند تۆم خۆشدەوێت، ئەی هەر لەبەر تۆ نەبوو من تۆپبارانیشم خۆشویست!. هەر لەبەر تۆ نییە شەوانە دوعا دەکەم شارۆچکەکەمان تۆپباران بکرێت، گرنگ نییە تۆپبارن چی کارەساتێك بەسەر ئەم شارەدا دەهێنێت، ئەوەی گرنگە لای من تۆ بێیتە ئێرەو یەکتر ببینین.

تۆپێکی تر لە نزتك ژێرزەمینەکەدا تەقییەوە، بوو بە قیژەو هاواری ژن و منداڵ، منیش سەرم هەڵبڕی و سەیرێکی کەژاڵم کرد، ئەویش بە نیگایەکی سیحراوی جەرگبڕ سەیرێکی کردم، وەك بڵێت: ها چیت دەوێت، یا خەیاڵ نەکەیت ئاگاداری هەموو شتێکم!. ئاوڕێکم بەلای دڵشاددا دایەوە، لەگەڵ نەخشیندا لای سەرەوەیان گرتبوو بۆ خۆیان خەریکی چاوبازی نوکتەبازیی بوون.

سات بەسات عەشقی کەژاڵ وای لێدەکردم، کە ئاگام لای خۆم نەمێنێت، تا بزانم چی ڕویداوە، خەڵك باسی چی دەکەن، کێ کوژراوە یا ماڵی کێ ڕوخاوە !.

ژنان و کچان هەموو سەرگەرمی دەمەتەقێن، هەریەکە سەرقاڵی مەسەلەیەکە، بەڵام من چاوو دڵم هەر لای کەژاڵە. ئەو جیاوازی لەگەڵ هەموو کچەکانی تردا هەیە، باسی هیچ ناکات و بۆ خۆی بێدەنگ دانیشتووە، هەندێك جار نەبێت چاوێك بەملاولادا دەگێڕێت و بەتیلەیەکیش سەیرێکی من دەکات، وەك چاودێریم بکات یا بیەوێت شتێکم پێ بڵێت!.

نا، ئێستا زوو زوو سەیرم دەکات بەڵام بە کورتە نیگا، بەهەر نیگایەکیشی ختوکەیەك بەدڵ و جەرگمدا دێت و هەموو گیانم دەکەوێتە لەرزین. نا، تەواو خەریکە لێم تێدەگات و سەیرێکی تر بکات چاوێکی لێ دادەگرم ئیتر کۆتایی بە هەموو شتێك دێت وپەردەکەی نێوانمان هەڵدەدرێتەوە، بەڵام نەك جارێك، دووجار، سێ جار. . . سەیری کردو من نەك هەر نەموێرا سەیری بکەم، بەڵکو بەهەر سەیرکردنێکی سەرێکی پێدادەخستم، وەك بڵێی: ئاگام لەهیچ نییە، تەنانەت لەم دواییانەدا وام لێهاتبوو بە هیچ شێوەیەك نەمدەوێرا بە تیلەی چاو سەیریشی بکەم. کاتێکیش ئەو سەیری دەکردم خۆم بە شتێکەوە خەریك دەکرد، ئەگەرچی دەمزانی ئەم کردارەم ئازاری زۆر دەدات و وەك من لەناخەوە خۆی دەخواتەوە. لەو کاتەدا ڕووی خۆم وەرگێڕا دڵشادم لە تەنیشت نەخشینەوە بینی هەموو گیانی پێدەکەنی. دەمویست سەیرێکم بکات یا ئاوڕێکم لێبداتەوەو کەمێك لەم حاڵەم تێبگات، بەڵام ئەو خوا نەناسە وای دەزانی کەسێك لەناو ئەو ژێرزەمینەدا نییە لە خۆیی و نەخشین زیاتر، پیاو قەڕابەیەکیش بخواتەوە ئەوەندەی ئێستای ئەو خەیاڵ نابێت. خوایە چیبکەم و چۆن ئەم پەردەی شەرم و ترسە بدڕێنم! کەسێك بۆ یارمەتی، تەنها وتەیەك یا وشەیەك لەلای یەکێکمان بدرکێنێت، چی بکەم! هیچ تاوانی خۆمی تێدا نییە و خۆم بەتاوانبار نازانم، تاوانی ئەو کۆمەڵگایە مرۆڤ ئاوا پەرەوەردە دەکات، ئێمە لەماڵ لە فوتابخانە بە ترس و شەرم پەروەردە کراوین.

ڕووم بەرەو خوارەوە وەرگێڕایەوە دیسان کەوتەوە بەرچاوم، کە چۆن بە حەژمەتەوە سەیری دەکردم، دڵنیام ئێستا وەك کەسێك چۆن لەکاتی خنکاندا بەهەر چوارلا پەل دەهاوێت، بەڵام لە هەوا زیاتر هیچ شتێك بەدەستییەوە نایەت وام لێهاتووە، چیبکەم خوایە ! چاوم بڕیوەتە بنمیچی ژێرزەمینەکە، دەستەکانم دەلەرزن، لێوەکانم یەکناگرن، ڕەنگە خوێنم تێدا نەمابێت و هەمووی لەگەڵ ترس و شەرمدا توابنەوە یا لەدەمارەکانمدا وەستابن، دەوونیشم هەست دەکەم بە تێغ قاژ قاژ دەکرێت، ئەمەندە کاسم ئاگام لە چواردەوری خۆم نەماوە. تۆپباران ماوە، کەس کوژراوە، چی ڕوویداوە ! تەنها وەك خەو ئەوەندەم دەبینی خەڵك بەرەو دەرەوە دەڕۆن و ژێرزەمینەکە خەریکە چۆڵ دەبێت، تۆ بڵێیت چی ڕوویدابێت ! ئەی کەژاڵ خۆ جاران پێش هەموو کەس ڕایدەکردە دەرەوە ؟.

خەڵك تاك تاك، دوو دوو بەرەو دەرەوە دەڕۆیشتن، کەژاڵیش خۆم ئاسا دانیشتووە، لەوە دەچێت نیازی نەبێت بچێتە دەرەوە تا هەموو خەڵکەکە دەچنە دەرەوە، ئینجا سەرزەنشتێکی باشم بکات و سێ تفیش بکاتە ناوچاوانم و بڵێ: تۆ کەی ئەو پیاوەیت بتوانیت خۆت لەقەرەی من بدەیت !.

ترسی مانەوەی عارەقەی پێدەردام " خوایە دڵی بگۆڕێت و لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بچێتە دەرەوە".

دانیشتوە زۆر بە حەژمەتەوە سەیرم دەکات، تۆ بڵێیت: هەر بۆ ئەوەبێت پێم بڵێت خەیاڵ نەکەیت بە هیچت نازانم!.

نا شتی وا نابێت، هەر بۆ ئەوەیە، پێم بڵێت: ئەو نهێنییەی دڵت بدرکێنە دڵم تەقی.

چوار دەوری کەژاڵ چۆڵ بوو، سەیرێکی ئەملاو لای خۆی کرد، کەسێکی وانەمابوو، بەمە زۆر دڵگران بوو، ڕەنگە ئێستا وەك من لە دڵەوە دوعا بکات تۆپباران دەست پێبکاتەوە بەڵکو بەم هۆیەوە ماوەیەکی تر لێرە بمێنێتەوەو ئەم گرکانەی دڵمان بتەقێتەوە. منیش ئێستا بە پێچەوانەوە دوعا دەکەم، خوایە چیتر تۆپباران بەیەکجاری بوەستێت و هیچ تۆپێك ڕوو نەکاتە ئەم شارە، بەڵکو لەگەڵ ئەو خەڵکەدا ئەویش بچێتە دەرەوە. دڵنیام ئەویش بە پێچەوانەوە دوعا دەکات، بەڵکو کۆمەڵێك خەڵك بگەڕێنەوەو ئەویش بەم هۆیەوە بمێنێتەوە. خەڵك هەر بەرەو دەڕۆن، ئەویش بە ناڕەزاییەکەوە هەستا، لەبەر خۆیەوە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو بەرەو دەرەوە بەڕێکەوت.

پێش ئەوەی لەدەرگاکە بچێتە دەرەوە هەڵوێستەیەکی کرد، ئاوڕێکی بەرەو ڕووم دایەوە، کە بینی دەست بە ئەژنۆ دانیشتووم، بە پەستی سەیرێکی تێی ڕوانیم، ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا، ئەگەر زەویەکە کۆنکریت نەبوایەت دەچوومە ژێریەوە ! زەوی مەردبە قوتم

www.kurdistannet.org
4-8-2003 0:46

بده، خۆ ناتوێمەوە. برژانگەکانی وەك تیری ناوکەوان ڕویان تێکردبووم، لێوەکانی یەکیان نەدەگرت، دەیویست قسەیەك بکات، هەرچەندی کرد نەیتوانی بێتە گۆ! قسەی چی بکات؟ سەیرکردنەکەی هەموو قسەیەکە، لەناو نیگای چاوەکانیدا هەستم بەدەنگێك دەکرد، پێی دەگوتم: هەر نەتدرکاند کافر، دڵی منیشت وەك دڵی خۆت بێبەزەیی، تاوانبار کرد تا دەست بە دوعا بم شارۆچکەکەمان، ماڵەکەمان و کەسوکارمان بکەوێتە ژێر تۆپباران، لەبەر خاتری کاتژمێرێك یا دوو کاتژمێر دانیشتن بەرامبەر چاوە شەرمنەکانت، هەی ترسنۆك، جا سبەی تۆپبارن نەمێنێت کوێ دەکەیتە جێ ژووانی ئەو عەشقە کەڕو لاڵە، ژووانێکی وەك خۆت بێ گوێ و زمانت دەوێت. نا ئەم بێدەنگی و و شەرمەی تۆ نیشانەی ڕەوشت بەرزییە !. نەتدرکاند کافر بۆ منیشت بەو دەردەی خۆت برد.

وورده وورده کەژاڵ بەرەو دەرەوە دەڕۆیشت و جار بەجار ئاوڕی دەدایەوە، بەڵکو زمانم بکرێتەوەو بانگێکی بکەم. لە دوا هەڵوێستەو ئاوڕیدا نامەردی منی دەسەلماند. لە سۆمای چاوەکانیدا هەستم بەو دەنگە دەکرد، کە دەیگوت: ئەگەر پیاوی تەنها وشەیەك لەو وشانەی ناخت بدرکێنە، ئەم جۆرە هەستکردنە غیرەتی جوڵاندم و وای لێکردم، کە فشار بۆ خۆم بهێنم هەتا بانگێکی بکەم!. لێوەکانم لەیەك ترازاند، بەڵام ناوەکەی تەواو لەسەر زمانم قورس بوو بوو، هەر ئەوەندە هاتمە گۆ کەژ. . . . نەیهێشت تەواوی بکەم ئاوڕێکی خێرای دایەوە و بەلەز گوتی: بەڵێ!

ئەم ئاوڕو بەڵێیە ئەو بورکانە بوو لەناو لەشمدا تەقیەوە.

چار چییە ! چاوەڕوانە و هەر دەبێت بچم. ویستم هەستم، قاچەکانم ئەوەندە قورس بووبوون لە شوێنم نەدەهاتن، هەر دەبێت بچم و ئەمەی ناخمی بۆ بدرکێنم، ئەگەرچی سەراپای لەشم وەك بەچکە چۆلەکەی بەر کرێوە هەڵدەلەرزی و زمانم وشکهەڵاتبوو، هەر دەبێ بڕۆم و ئەم نهێنیە بدرکێنم.

بە قورسی قاچەکانم بە شێوەیەك بەرەو لای هەڵدەهێنا وامدەزانی قەت پێی ناگەم هەتا پێی بڵێم: ئیتر لە وزەما نەما خۆشم دەوێیت!.

ئای لەو ساتەی بە بزەو نازێکەوە دەڵێت: دەزانم!

خۆ خۆیشم دەزانم دەزانێت، بەڵام هیچ شتێك ناگات بەو وشەیەی کە پێم بڵێ: منیش هەروەها. . . .

جا بۆ نایڵێت؟.

ئەگەر نەیڵێت لێی ناگرم، چونکە ئەو وشە ئەوەندە ئاسان نییە، لەبەر ئەوە ئەوەندە ئاسان بوایەت من ساڵێکە بە ئازارییەوە نە دەتلامەوە.

جا قەیدی چییە با نەیڵێت، تەنها بەڵێ، ئا، ئمێك یا بزەیەکی ڕازیبوون بۆ من درکاندنی ئەو وشەیە.

کاتێك سەرم هەڵبڕی و چاوم بە تیشکی ڕوخسارەکەی کەوت، وام هەست دەکرد لەپەرستاگایەکی خۆشەویستی و جوانیدا بەرامبەر خوا وەستاوم! بەڵام هیچ نەبێت خۆ دەبێت ئەو هەموو حەزەی ناخم کۆبکەمەوەو بیکەم بە یەك وشەو پێشکەشی بکەم، ئەو وشەیەی ساڵێکە خەو بە درکاندنیەوە دەبینم.

بە وردی لەپەنجەی پێیەوە تا چاوە نێرگسیەکانی ڕامام، ترس و شەرمێك سەراپا لەشمی داگرت و لە جێگەی خۆمدا سورهەڵگەڕام و بە لاڵیەکەوە گوتم:

ئەر. . ێ. . تۆپب. . اران. . تەوا. . . . ووو

Kassel 1996